## تۆڕی تیرۆریستیی شێخ زانا، بەناوی جیهادو شەریعەتی خوا:

# کوشتنەوە... پارچە پارچەکردن... نێربازی...

**پاش زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی نامرۆڤانە لە پایتەختی کوردستان هێزەکانی ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی سەقامگیری توانییان تۆڕێکی زۆر ترسناک و گەورەی تیرۆریستی بەناوی تۆڕی شێخ زانا و هاوکارەکانی دەستگیر بکەن، سەرنج لەکارە نامرۆڤەکانی ئەو کوڕە بدەن کە چۆن بەناوی ئایین وجیهاد و حوکم کردن بە شەرعی خوا گەنجیان فریوداوە و دواتر دەستیان کردووە بە سەربڕینی خەڵک و کاری سێکسی و نێربازی و مەشروب خواردنەوە و ئەتک کردنی کچان و چەندین کاری قێزەوەنیتر کە دواجار هەر هەمووشیان بەناوی جیهاد و ئەرکەکانی موجاهید و شەرعی خوا ئەنجام داوە، «خەبات» بە زنجیرە لێدوانی ئەو تیرۆریستانە بە زمانی خۆیان و دەق بڵاو دەکاتەوە:**

## 3 بەشێک لە دانپیانانەکانی تیرۆریست ملازم دلێر

### مەرجەکانی موخابەراتی بە ناو ئیسلامی شێخ زانا

دلێری تیرۆریست باس لەوەش دەکات کە چۆن شێخ زانا مەرجەکانی موخابەراتی ئیسلامی بۆ باس دەکات و دەڵێت: شێخ زانا پێی دەگوتم موسڵمان دەبێ قومار بزانێ و مەشروبات بخواتەوەو بچێتە نادی و هەموو ئەو جێگایانە بکات تا ئیشەکەی فراوانتر بێت و موخابەراتەکە بە قوەتتر بێت، دەیگوت موخابەرات ئەوەیە ئەو شتانە بکات نەک بڵێت نا، لەبەرچی نابێت...؟ نابێت ئەوە بکەم، ئەمە بکەم لە ئیشی موخابەراتی نابێت لۆ بەکاربێنی، بۆیە شێخ زانا چەند حەبێکی دامن بۆ ئەوەی سەرخۆشبم بەڵام کاریگەری لەسەر من نەکرد، پاش ئەوە چەند حەبێکی تریشی دایەمن کە ژمارەکەی گەیشتە دوازدە یان یازدە حەب، شەو تاخیر هەستم کرد تەئسیری لێکردم بەڵام ئاگادار نەبووم بەهیچ لەو شتانەی کە روویدابوو.

### زانا دەست درێژی سێکسی دەکاتە سەر دلێر

بە قسەکانی دلێر ئەو شەوەی لە ماڵی شێخ زانای تیرۆریست خەوتووە، زانا یازدە دوازدە دەنکە حەبی سەرخۆشی داوەتێ و سەرخۆشی کردووەو دواتر بەبێ ئاگایی دەست درێژی سێکسی کردۆتە سەر، **لەمبارەیەوە دلێر دەڵێت:** ئاگاداری هیچ لەوانە نەبووم کە شەو روویدابێت، بەیانی شێخ زانا پێی گوتم کە شەو تۆم رووت کردۆتەوە و دەست گەمەم لەگەڵ کردووی، چوومەوە ماڵ و کە شەوداهات دیاربوو هێشتا تەئسیراتی حەبەکان مابوو، ماڵەوە بەیانیەکەی بەمنیان گوت ئەو شەو وەزعت تەواو نەبوو هەر باسی ئارەق و مەشروباتت دەکرد، منیش پێم گوتن شتێکی عادییەو هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە، پاش ماوەیەک ئەو باسە قەپات بوو.

### سەرەتاکانی مومارەسەی سێکسی

دلێر لە تەوەرێکی تری دانپێدانانەکانی چۆنیەتی هاندانیان لەسەر کاری سێکسی لەلایەن شێخ زانای تیرۆریست دەخاتەڕوو دەڵێت: جارێکی پیاسەیەکمان دەکرد بۆ مەسیف، لە رێگەی مەسیف شێخ زانا پێی گوتم بۆ ئەو موخابەراتە پێویستە ئێمە مەجموعەیەک بێنینە ناوێ بۆ ئەوەی هەموو شتێک بکات بۆمان، هەوڵی دەدا کە من رازی بم لەسەر مومارەسەی جنسی، بەڵام من دوودڵ بووم کە شتێکی گوناهە، لە پاش ئەوەی چەند جارێک مومارەسەی جنسی کرا وەکو دەست گەمە، بەڵام لە پاش هەر جارێک پەشیمان دەبوومەوە، بەڵام ئەو دەیگوت دەبێت ئێمە ئەو شتە تەتەور پێ بکەین و لەناو موخابەرات بگونجێنین ئەوەبوو منی رازی کرد لەسەر ئەوەی مومارەسەی جنسی بکەین و موخابەراتەکە جێبەجێ بکەین.

### رازیبوونی دلێر بە کاری سێکسی

دلێر دێتە سەر رازی بوونی بە کاری جنسی و نێربازی کردن و دەڵێت:

ئەوەبوو من رازی بووم بە کاری جنسی و مەسەلەی رازی بوونیشم لە سەر ئەو شتەیە، دیارە ئەوە بوو کە شێخ زانا باسی دەکرد کە ئەوە بۆ دینە و بۆ جیهاد کردنە، بۆ لە ناوبردنی کوفرە، بۆ خۆگونجاندنە، بەو شتە ئێمە تەتەور بەو موخابەراتەمان دەکەین کە ناوی لێنابوو موخابەراتی ئیسلامی، ئەوەبوو من رازی بووم بەو کارە جنسیە و خوێندنیشم لە کولیەی شورتە دەستی پێکردو بوومە تەڵەبە لە کولیەی شورتە.

### پەرەسەندنی کاری سێکسی

دلێر دێتە سەر باسکردنی مەریوان و کارزان وەک دوو تیرۆریستی تری ناو باندەکەی شێخ زانا و دەڵێت:

پێش ئەوەی بچمە کولیەی شورتە دووکوڕی ترم ناسی کە ناویان مەریوان و کارزان بوو، ئەوانیش بەو شێوەیە تووشی ئەو مومارەسە جنسیە ببون کە پێشتر من داخیلی بووم، ئەوانیش رازی بوون لە سەر ئەوەی کە ئەو مومارەسە جنسیە بکرێت لە ناو موخابەرات بەبێ ئەوەی کەس بڵێت لە بەرچی.

### کۆبوونەوە بۆ عەمەلیاتێکی تر

دلێر باسی عەمەلیاتێکی تری کوشتن دەکات و ناوی چەند تیرۆریستێکی تر دێنێت کە لە ماڵی شێخ زانای تیرۆریست کۆبوونەوە و دەڵێت:

پێنج شەم لە سەر جومعە بوو شێخ زانا تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی وەرە ماڵمان، پاش عیشابوو بە تەکسی چوومە ماڵیان لە گەرەکی ئازادی کە ئێستاش لە هەمان شوێنە، کە چووم شێخ زانا دەرگای کردەوە و چوومە ژوورەوە، دیاربوو لە دیوەخانەکەی کەسی تریش هەبوون لە مەریوانم زانی ئەو نەفەرانە وەستا کە ناوی خۆی فاریقە، رزگار ناوی خۆی کارۆخە،



تیرۆریست کارۆخ

سۆران ناوی خۆی هەڤاڵە، جگە لە ئەژی کە ئەویش لەوێ بوو، هەموومان پێکەوە، چووینە سەربانی، مەریوان حەرەسیاتی کەسێکی دەکرد گوتم ئەوە چییە، گوتی لە دەهۆک هێنایتمان، منیش تەماشام کرد دیتم دەست و چاوەکانی بەسترابوو، دەمانچە وچەقۆ و کاتم سەوت لە بەردەستی مەریوان هەبوون، شێخ زانا بەمنی گوت واجبات



تەوزیع دەکەین تابەیانی ئەو عەمەلیاتە ئەنجام بدەین و ئەو کوڕە بکوژین.

واجبم بەرکەوت کە تاسەعات دوازدە حەرەسیات لەو کوڕەبگرم لە پاش ئەوە شێخ زانا گوتی وەرە بنوو یەکێکی تر بانگ دەکەم، ئەوە بوو لە سەر بانی پێشەوەی ماڵی شێخ زانا نووستم تابەیانی، بەیانی شێخ زانا ئێمەی لە خەو هەستاند کەمن و شێخ زانا و ئەژی لە سەربانی پێشەوە نووستبووین.

### پارچەپارچە کردنی کەسێکی تر

دلێر باسی کوشتنێکی تری جەماعی دەکات کە ژمارەیەک باندی نێو گرووپەکەیی هەڵسان و پارچە پارچەیان کرد، لە مبارەیەوە دەڵێت:

بەیانی داهات شێخ زانا نەفەرەکەی بردەخوارەوە، ئەمن لە قادرمەکان وازم دەهێنا چونکە کارزان و رزگار و سۆرانم نەدەناسی کە چاوەڕێی ئەو نەفەرەیان دەکرد، دواتر لە مەریوانم زانی کە ئەونەفەرەیان بردە حەمامەکەی دیوەخان، کە نەفەرەکەیان بردە خوارەوە، ئەمن و مەریوان هاتینە خوارێ و لە حەمامەکەی تابقی یەکەم چاوەڕێی شێخ مان دەکرد، شێخ گوتی ئەونەفەرە دەکوژین و پارچە پارچەی دەکەین، ئەمن و مەریوان چاوەڕێمان دەکرد کە شێخ زانا دووپارچە بۆ ئێمە بێنی، مەریوان ئەونەفەرانەی دەناسی کەمن پێشتر نەم دەناسین، وەکو کارۆخ و سۆران و رزگار، مەریوان زووزوو سەری لێدەدان و دەیگوت سۆران بە کاتمی لێیدایە و سەری لێکردووەتەوە و وەستا و رزگار و ئەژی و هیمدادیش خەریکی پارچەپارچە کردنیینە، ئەوەبوو شێخ زانا دووپارچەی بۆمن و مەریوان هێنا کە هەردوو رانی بوو بە کاملی، پێی گوتین پارچە پارچەی بکەن، لە سەر قسەی شێخ زانا ئەو دوو پارچە رانە گەورەمان پارچە پارچە کرد و لە ناو تەشتەک یان لە ناو سنیەکمان دادەناو دەماندایە شێخ زانا و شێخ زانا لە ناو نایلۆن و ئەو شتانەی دەکرد، کە ئەو پارچە پارچە کردنە تەواو بوو من ئیزنم وەرگرت کە بچمەوە ماڵ و گەڕامەوە.

### ملازم دلێری تیرۆریست:

# بۆیە بەکاری جنسی رازی بووم چونکە شێخ زانا باسی دەکرد کە ئەوە بۆ دینە، بۆ جیهاد کردنە، بۆ لەناوبردنی کوفرە، بۆ خۆ گونجاندنە



## شێخ زانا پێی دەگوتم موسڵمان دەبێ قومار بزانێ و مەشروبی بخواتەوەو بچێتە نادی و هەموو ئەو جێگایانە بکات تا ئیشەکەی فراوانتر بێت و مخابەراتەکەی بەقوەتتر بێت



### تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانا ئازاردان بە عەسای کارەبایی

**لە بەشێکی تری دانپیانانەکەی ملازم دلێری تاوانبار باس لە یەکێک لەو رووداوانە دەکات کە شێخ زانای تیرۆریست بە عەسای کارەبایی لە کەسێکی بێ تاوان دەدات، لەمبارەیەوە دەڵێت:** رۆژێک شێخ زانا تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی وەرە ماڵمان ئیشم پێتە، پاش عیشا بوو بە تەکسیەک چوومە ماڵیان، کە چوومە ماڵیان ئەژی و مەریوان و شێخ زانا لە ماڵێ بوون، نەفەرێکیان هێنابوو، تەمەشای کوڕەکەم کرد دیاربوو زۆر ئەزیەت درابوو، شێخ زانا عەسایەکی کارەبایی هەبوو، تەقریبەن مەترێک درێژ دەبوو، زۆری لێدابوو بەو عەسایەی، دیاربوو هوڕی کردبوو، نیو سەعات جارێک بەخەبەر دەهات و دەهاتەوە هۆش خۆی، ئەو عەسایەش خزمێکی مەریوان لۆ مەریوانی هینابوو، شێخ زانا پێی گوتم ئەگەر هەندێک وەزعی باش بوو تەحقیقی لەگەڵ بکەو پرسیاری لێ بکە، ئەمنیش نزیکەی تا یەکی شەو تەحقیقم لەگەڵی کرد، لە دوای تەواوبوونم ئیزنم لە شێخ زانا وەرگرت و چوومەوە ماڵ، مەریوان بە سەیارەکەی خۆی ئەمنی گەیاندەوە ماڵ، کە سەیارەیەکی فۆرتی لاندگرۆزەری هەبوو، لە پاشان نەمزانی چی بەسەر هات و چی لێهات، بەس 100٪ کوشتبوویان.

### کاری تەحقیق کردن

**دیارە یەکێک لەو ئەرکانەش کە بە ملازم دلێری تیرۆریست سپێردرابوو بریتی بوو لە تەحقیق کردن لەگەڵ ئەوانەی دەیانڕفێنن، لەمبارەیەوە دەڵێت:** دیسان شێخ زانا تەلەفۆنی بۆ کردم، منیش چوومە ماڵیان، کە چووم دوو کەسیان هێنابوو، لە غورفەکەی بەیتوونەیان دانابوو لەسەرەوە، کاتێک چووم مەریوان و ئەژیش لەوێ بوون و حەرەسیاتیان لێ دەگرتن، دەمانچەی کاتم سەوت و چەقۆیان لەلابوو دوو سێ کەلەپچەشیان لەلا بوو، پێیان گوتم کە تەحقیق لەگەڵ ئەو دوو کەسە بکەم، پێش ئەوەی تەحقیق لەگەڵ ئەو دوو کەسە بکەم، مەریوان کامێرایەکەی خۆی پیشان دام بەو کامیرایە پێی پیشاندام کە چۆن سەری براوەو چی لێکراوە، منیش بەردەوام لە تەحقیق کردن و پێشیان گوتم کە نەفەرێکی تریش هەیە لە ژوورەوەیە هەر لەناو بەیتونە غورفەیەکی دیکە هەیە وەکو مەرافق بەس وەکو ژووری سجنیش وایە، بەڵام ئەوکات زۆر بێ تاقەت بووم گوتم پێویست ناکات تەحقیق بکەم، ئیتر ئیزنم لە شێخی وەرگرت و چوومە ماڵەوەو دواتر هیچ پرسیارم نەکرد کە ئەوانە مەسیریان چی لێهاتووە بەس تەئکید هەردووکیان کوژرابوون.



تیرۆریست مەریوان

### هێنانی کچان و وێنەگرتنیان بە نهێنی

**دلێر پەنجە دەخاتە سەر تاوانێکی تریان کە بریتی بوو لە بە نهێنی تەسویرکردنی ئەو کچانەی عیلاقەیان لەگەڵ دەبەستان و دەیانهێنانە ژوورەوە، ئەوەتا دەڵێت:** شێخ زانا گوتی مەجموعە کچێکم بۆ بدۆزنەوە و ئیشیان لەسەر بکەن، مەبەستی شێخ زانا ئەوەبوو کە ئەم مەجموعە کچە بینە ئەلقە لە پەنجەمان کە هەر دەمایەک ئیشمان پێکردن ئیشمان بۆ جێبەجێ بکەن، ئەو جێگایانەش کە ئەو کچانەمان دەبرد، لە سەرەتا کە ئەو کچانە دەهاتن لەگەڵمان لەسەر رەزامەندی خۆیان بوو دەهاتن، یەعنی زەخت نەبوو، ماڵی مەریوان و رزگار بە کامیرا نەسب کرابوو، ئەو کامیرا بەستانەش ئەژی و شێخ زانا سەرپەرشتیان دەکرد و کامیرەکانیان نەسب دەکرد، لە ماڵی رزگاری کامیراکە لە ناو سەعات بوو، ماڵی مەریوانیش کامیراکە لەناو سندوقی سەماعەکە بوو، ئەو کچانەمان دەبردە ئەو دوو شوێنە، مەبەستی شێخ زانا زیاتر ئەوەبوو کە لە دوارۆژ هەر کاتێک ئیشمان بەو کچانە کرد یان مەوزوعمان کردەوە کە ئیشمان لۆ بکەن ئەگەر رازی نەبون ئەو تەسویرەیان پێ پیشان دەدەین و بەزەختی ئەو تەسویرە ئیشیان پێدەکەین.

### دلێر موراقەبەی ماڵی بەرپرسان دەکات

**زانا ئەرکی موراقەبەکردنی چەند ماڵە بەرپرسێکی بە دلێر سپاردبوو، دلێر دەگێڕتەوە و دەڵێت:** شێخ زانا رۆژێک گوتی بەرپرسێک هەیە لە مەسیفی پێویستە ماڵم بۆ بدۆزیەوە، ئەوەبوو ماڵی ئەو بەرپرسەم دۆزیەوەو بە شێخ زانام گوت، بە هەمان شێوە داوای دۆزینەوەی ماڵی دوو بەرپرسی لێکردم کە ماڵیان لە هەولێرە، شێخ زانا مەبەستی لە دۆزینەوەی ئەو ماڵانە ئەوەبوو کە لێیان بدات و تیرۆریان بکات، شێخ زانا موتابەعەی زووباتی ئاسایشی دەکرد، بەمنی دەگوت موتابەعەیان بکە و بزانە ماڵیان لە کوێیە و ئەوانەش زیاتر موتابەعە بکە کە ئیشکەر و چالاکن و ماڵیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی رۆژێک تیرۆریان بکەین.